# سەفەرەکانی عەشق

کەژال ئیبراهیم خدر
kazhal_3@hotmail.com



لەنێوانی من و تۆدا
لە نێوانی ئازاری سەردەم و
جیهانێکی پڕ دۆزەخی نامرۆدا
ئەوە منم
بەرەو ئایندەی بێ وچان
ئەنێم هەنگاوم بۆ ژیان
ڕۆح و پەراوێز بۆ ئێوە
من هاوشانی شەپۆلەکان
ئەژیم ئەمرم
ئەی ئەوانەی ئەتانەوێ
مێژووی ژەنگاوی پڕ لە خەو
خوری گەشمان
لێ بکاتە دەیجوری شەو
منی هەنگاو
لەگەڵ دنیای پڕلە تەما
هەڵ ئەکەم و
هەرچی برسی و ئاوارەیە
لە ناو خامەی پەنجەکانما
ماڵێ بۆ خۆیان جێ ئەکەن
گرمەی هەورێ نامترسێنێ
من ئەڕۆم لەگەڵ عەشقا
ئەژیم بۆ تۆ
ئەی دنیای پڕلەعیشوە و جوانی
ئەی سروشتی پڕ لە شەوبۆ
ئەگەر بێت و
وەکو هەربێ نازێکی ئەم خاکە
سەرمای زستان
دەست و پەنجەم لە گۆ نەکا و
هەموو گیانم نەتەزێنێ
یا ڕەشەبای گەرمی هاوین
هەموو گیانم نەسوتێنێ
ئەی باشە چۆن
شادی بەهار ڕێگە دەدا
ماچی چاوی نێرگز بکەم
ئەی شنەبا چۆن شاباش و
مژدەی نەورۆزم بۆ دێنێ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com